## کۆبوونەوەی شاندی ناوەندی چاک لەگەڵ وەزیری دەرەوەی پێشووی دانمارک

ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی **2007/5/15**، شاندێکی ناوەندی چاک کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ( **مۆنس لوکەتۆفت**) Mogens Lykketoft وەزیری دەرەوەی پێشوی دانمارک، سکرتێری پێشوو و وتەبێژی بەشی پەیوەندیەکانی دەرەوەی پارتی سۆشیال دیموکراتی دانمارکی ئەنجام دا. کۆبونەوەکە لە نوسینگەی خۆی لە تەلاری پەرلەمدا ئەنجام درا.



ئامانجی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە ناساندنی ناوەندی چاک، هەوڵ و کۆششەکانی بۆ بە جیهانیکردنی دۆزی ئەنفال و کیمیاباران و ژینۆسایدی گەلی کورد، هەروەها چەند داواکاریەکی دیکە بوو.

سەرەتا کورتە باسێک لەسەر ناوەندی چاک و شێوازی کارکردنی بۆ ناساندنی دۆزی ئەنفال و ژینۆسایدی گەلی کورد پێشکەش کرا، هەروەها باس لەو شێوازانەی ناوەند بەکاری دەهێنێت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگای دانمارکی بۆ دۆزی گەلی کورد و ناساندنی تاوانە ژینۆسایدیەکانی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان کە دژ بە گەلی کورد ئەنجامیان داوە کرا.
داواکاری سەرەکی شاندی ناوەند بریتی بوو لە ڕەخساندنی بوارێک بۆ ناوەند بۆ قسەکردن لەسەر دۆزی ئەنفال و کۆمەڵکوژی گەلی کورد لەناو هۆڵی پەرلەمانی دانمارکیدا، هەروەها هاوکاریکردنی ناوەند بۆ بەستنی سیمینار لە شارە جیاجیاکانی دانمارک لەسەر ژینۆسایدی گەلی کورد بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی پارتی سۆشیال دیموکرات.



مۆنس لوکەتۆفت دوای ئەوەی کە پشتگیری خۆی بۆ دۆزی ئەنفال دووپات کردەوە بەڵێنی دا کە هەوڵی خۆی بدات بۆ ئەنجامدانی بوارێک بۆ ووتە پێشکەشکردن بۆ پەرلەمانتارەکان لەناو هۆڵی پەرلەماندا، هەروەها بابەتی بەستنی سیمینار لە شارەکان بە هەنگاوێکی پۆزەتیڤانە نرخاند و داوای کرد لە ڕێگای بارەگای سەرەکی پارتەکەیانەوە ئەو کارە ڕێکبخرێت.

جێی ئاماژە پێدانە کە پارتی سۆشیال دیموکرات پێشەنگی ئۆپۆزیسیۆنی دانمارکیە، دووەمین پارتی ناو پەرلەمانی دانمارکیە و خاوەنی 47 ئەندامە لە کۆی 179 ئەندامی پەرلەماندا.

ناوەندی چاک - کۆمیتەی دانمارک
2007/5/15